| | |
|---|---|
| Kurdistan Region<br>Council of Ministers<br>Ministry of Human Rights<br>General Directorate<br>Media Directory | حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی مافی مرۆڤ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن |

ژمارە :

ڕێکەوت : / / ٢٠٠٩

## وەزارەتی مافی مرۆڤ

## ئیدانەی کوشتنی خاتوو ( شەوکەت محەمەد عەزیز ) دەکات.

لەو دەمانەی هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەوڵ و کاری ئەوەدان کە بەهەموو توانایەکیان کار لەسەر داکۆکیکردن و ڕەوچاوکردنی مافەکانیان و کۆششێکی بێوچان بۆ بە گژداچوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان بکەن و ڕەوایەتی ئازادی رادەربرین و هەڵبژاردنەکانی کەسێتی ئەوان بچەسپێنن کەسانێك هەن بەدەروونێکی پڕ لە قینەوە دەڕواننە هەموو شتە جوانەکانی ژنان و بە بیانووی شەرەفەوە زیندە بەچاڵ –یان دەکەن و بەگوللەی کوێرانەیان دەیانکوژن کە ئەمانە هیچیان لەگەڵ هیچ نەریتێکی ئایینی و مرۆڤایەتی ناگونجێ و دوورە لە هەموو ڕەوشتێکی پاك و پڕیەتی لە کۆنەپەرستی و نەخۆشیە دەروونییەکانەوە، هەر لە درێژەی تاوانە بیڕەحمانەکەی ئەم کەسە ویژدانکوژانەوە لە چەند رۆژی رابردوودا دوو ڕووداوی دڵتەزێنی کوشتنی کچان و ژنان شعوری هەمووانی هەژاند کە ئەوانیش کوشتن و خنکاندنی خاتوو (شەکەوت محمد عزیز) ە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٢/٧ سەعاتی (٣)ی دوای نیوەڕۆ تەرمەکەی بە خنکێنراوی لە گوندێکی دەڤەری (رانیە) لە ژێر گڵدا دۆزراوەتەوە، ئەم تاوانە زۆر بە عەقڵییەتێکی ژەنگاوییەوە ئەنجامدراوە و دوای ئازاردانێکی زۆری جەستەیی و ئەشکەنجەدانێکی لەرادەبەدەر و لە دوایشدا خنکاندن و شاردنەوەی تەرمەکەی کە هەرگیز ئەمە لەگەڵ هیچ بنەمایەکی مافی مرۆڤ ناگونجێ.

بۆیە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێرای ئیدانە کردنی توندی ئەم تاوانە، داوا لە یاسا دەکەین سزای توندتر بە بکوژی خانم (شەوکەت محەمەد عزیز) ڕەوا ببینن تاکو ببێتە عیبرەت بۆ نیاز خراپی ئایندەی ئەوانەی کە دەیانەوێ تاوانی لەم جۆرە ئەنجامبدەن و زۆر بە زوویی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم تاوانە بکرێ و بەجۆرێك لە جۆرەکان ریسوایی بکوژەکە بگەیەنرێتە مێدیاکان و نێوکۆمەڵگا.

دووبارەشی دەکەینەوە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ بەردەوام دەبین لەسەر بەدواداچوونی ئەم کێشانەو دەنگی خۆمان بگەیەنینە دادگا کە لە چوارچێوەی یاسادا بکوژانی ئەم جۆرە تاوانانە سزای یاسایی خۆیان وەربگرن...

دیسانەوە وەکو ئەرکێکی مرۆڤانە مەحکومی ئەم جۆرە تاوانانە دەکەین و با ئەم کەسانەش لەناو کۆمەڵگادا شەرمەزار بکرێن و ئێمە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش کاری چڕتر لەسەر بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان دەکەین....

**وەزارەتی مافی مرۆڤ**

**٢٠٠٩/٢/١١**